حكومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٥٦) لە ٢٠٢٤/٦/١٢

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و سەبارەت بە پاراستنی بەرهەمی ناوخۆی پەتاتەی جووتیارانی هەرێمی کوردستان، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٣) لە ٢٠٢٤/٦/١٢، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

**یەکەم:** پێکهێنانی لیژنەیەک لەم لایەنانەی خوارەوە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە هاوردەکردنی پەتاتە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە دەروازە سنوورییەکان یان بە هەر ڕێگە و شێوازێکی دیکە و دواتر دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بخرێتەڕوو تا ڕێکاری پێویست بگیرێتەبەر:

١. نوێنەری نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
٢. نوێنەری نووسینگەی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.
٣. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو.
٤. وەزارەتی ناوخۆ.
٥. وەزارەتی دارایی و ئابووری.
٦. وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی.

**دووەم:** سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**